ژمارەیەک سەرکردەی عێراقی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ سەرۆک بارزانی تاوتوێدەکەن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5513) پێنج شەممە 17ی ئایار 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار



لە ڕۆژانی سێشەممە 2018/5/15 و چوارشەممە 2018/5/16 هەریەکە لە سەید موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر و هادی عامری، سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح و سەید عەمار ئەلحەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمە و حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرۆکی لیستی نەسر و فواد مەعسووم سەرۆک کۆماری عێراق لە ڕێی پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان لەگەڵ سەرۆک بارزانی تاوتوێکرد. هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانەدا سەرکردەکانی عێراقی پیرۆزبایی سەرکەوتنی لیستی پارتی دیموکراتیان لە سەرۆک بارزانی کردووە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بیرورایان لەبارەی قۆناغی دوای هەڵبژاردن لەگەڵ سەرۆک بارزانی ئالوگۆڕکردووە.

سەرۆک بارزانی لەگەڵ نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا کۆبۆوە

بەبێ بەشداریی کارای هەرێمی کوردستان هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت سەرناگرن

مەکگۆرک: ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەدایە هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی عێراقدا بەهێز و کاریگەر بێت



دوێنێ چوارشەممە 2018/5/16 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعوود بارزانی پێشوازی لە برێت مەکگۆرگ نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کرد و لەگەڵی کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەیەدا، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا، پیرۆزبایی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە گەلی کوردستان و سەرۆک بارزانی کرد و وێڕای ئاماژەدان بە ڕۆڵی گرنگ و مێژوویی سەرۆک بارزانی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە، ڕاشیگەیاند کە سیاسەتی ولاتەکەی ئەوەیە کە پێوبستە هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکانی عێراقدا بە هێز و کاریگەر بێت و داوایشیکرد کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بەردەوام بێنێ و فراوانتر بکرێت.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە سەقامگیریی سیاسیی تاوتوێکران و ڕۆشناییش خرایە سەر ئەگەرەکانی پێکهێنانی حکوومەتی ئایندەی عێراق و جەختیش لەوە کرایەوە کە بەبێ بەشداریی کارا و حەقیقیی هەرێمی کوردستان، هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت و دروستبوونی سەقامگیری سەرناگرێت.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی تەیاری غەددی سووریا دەکات

سەرۆک بارزانی: بە هۆی هەڵبژاردنەوە بارودۆخێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە

شێخ ئەحمەد ئەلجەربا: پەیوەندیی هەولێر و بەغدا کاریگەریی لەسەر ئاسایشی هەرێمایەتی دەبێت



دوێنێ چوارشەممە 2018/5/16 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعوود بارزانی پێشوازی لە شێخ ئەحمەد ئەلجەربا سەرۆکی تەیاری غەددی سووریا کرد.

لە دیدارەکەدا سەرۆکی تەیاری غەددی سووریا پیرۆزبایی سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە سەرۆک بارزانی و خەڵکی کوردستان کرد لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و وێڕای ئاماژەدان بە ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە چارەکردنی کێشەکانی عێراق و ناوچەکە جەختیشی لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکەدا کردووە و ئەوەی ڕاگەیاند کە پەیوەندیی باشی نێوان هەولێر و بەغدا کاریگەریی لەسەر باشتربوونی ئاساییشی هەرێمایەتی لە ناوچەکەدا دەبێت.

لە بەرانبەردا سەرۆک بارزانی سوپاسی سەرۆکی تەیاری غەددی سووریای کرد و هێمای بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا و ئەوەیشی ڕاگەیاند کە بە هۆی هەڵبژاردنەوە بارودۆخێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە و لە دوای هەڵبژاردنەکان ئەوەی کە بۆ هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخ و یەکلاییکەرەوەیە، هەڵوێستی لایەنە عێراقییە براوەکانە بەرانبەر ماف و داواکاریەکانی گەلی کوردستان. بارودۆخی سیاسیی سووریا و دواییێن پێشهاتە ئەمنی و سیاسییەکانی ئەو ولاتە تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

نێچیرڤان بارزانی: داوا دەکەم کۆمسیۆن نیگەرانیی لایەنەکان بە جددی وەربگرێت



پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2018/5/16 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، باسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و چەند بابەتێکی پەیوەست بە هەڵبژاردن و دۆخی ناوچەکەوە بەگشتی کرد.



شەرقولئەوسەت نهێنی سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردنی ئەمجارە ئاشکرا دەکات

ئیحسان ئامێدی: حکوومەتی تازەی عێراق ئەگەر نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان نەکات فاشیل دەبێت



شرۆڤەکاری سیاسیی ئیحسان ئامێدی دەڵێت، خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە متمانەیان بەو حزبە دایەوە کە بەرگرییان لێ دەکات و دەستکەوتی زیاتریش بە دەستدەهێنێت. باوەڕیشیوایە بەبێ کورد، حکوومەتی داهاتووی عێراق سەرکەوتوو نابێت.

ئیحسان ئامێدی، بۆ مالپەڕی پارتیی گوتی: کاتێک مرۆڤ تەماشای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکات، بەرنامەی لایەنەکان و لیستەکان، خەڵکی کوردستان توانیویەتی هەڵسەنگاندنێکی باش بۆ هەر هێزێکی سیاسی لە کوردستان بکات، کە کێ خزمەت و بەرگری لە خەڵک دەکات، دەرئەنجامەکانیش دەریدەخەن کە پارتی ئەو هێزە سەرەکییەیە کە توانیویەتی بەرگری لە کوردستان بکات و ڕێگە نەدات دوژمن خاکی کوردستان داگیربکات، لەڕووی ئاوەدانییەوە توانیویەتی خزمەتێکی باشی کوردستان بکات، هەلیکار بۆ هاوولاتیان بڕەخسێنێت، ئەمن و ئاساییش بەرقەرار بکات.

دەتی هەوالەکە لە لاپەرە دوو بخوێنەوە